

**ئامینە عەدنان**

**یاریزانی فوتساڵی یانەی سەورە:**

# یانەکان تەنیا لەگەڵ یاریزانی کوڕ گرێبەست دەکەن و گرنگی بە کچ نادەن

پارێزگای کەرکوك لە یارییە وەرزشییەکاندا خاوەنی چەندین تیپی جۆراوجۆرە، تیپی فوتساڵی یانەی گازی باکووریش یەکێکە لەو تیپانەی کە چاویان لە ئەنجامی گەورەیە و ئەمساڵیش لە پاڵەوانێتی فوتساڵی کوردستان نوێنەری شاری کەرکوکن، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری کەرکوك تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای کۆکردۆتەوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەم کچە یاریزانانە لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان لە وەرزی داهاتوو کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکەن، ئامینە عەدنان یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٤ی شاری کەرکووکە، پێشتریش بۆ یانەی سەورە و گازی باکوور و چەندین یانەی دیکەی کوردستان یاری کردووە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی فۆتۆ: حەمەبابان

*** ئاستی یاریی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

-ئاستی یاریی فوتساڵ زۆر باشە، بەڵام پشتگیری زیاتری دەوێت.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانێتیی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش نەچێت؟**

-هەرچەند پاڵەوانێتی زۆر بێت دەبێتە مایەی ئاستبەرزیی بۆ تیپەکان، کەمیی پاڵەوانیەتیش بێگومان کاریگەریی نەرێنیی دەبێت لەسەر ئاستی یاریزانان بەگشتی.

*** بۆ ئەوەی یاری فوتساڵ ئاستی بەرز ببێتەوە، پێت باشە چی بکرێت؟**

-پتشگیریی یانەکان بکرێت بۆ کردنەوەی یاریگا و بەردەوامبوونی تیپەکانی کچان، نەك تەنیا لە کاتی پاڵەوانیەتییەکان تیپ دروست بکەن، کردنەوەی پاڵەوانیەتی بۆ ئاستی تازەپێگەیشتووان.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

-نەبوونی پاسی گواستنەوەی یاریزانان بۆ مەشق گرفتە بۆ یانەکان کە چۆن یاریزانان بگوازنەوە بۆ مەشقەکانیان و نەبوونی هۆڵ بۆ مەشقکردن و نەبوونی هیچ داهاتێکی ماددی بۆ یاریزانان بەتایبەتی بۆ کچان گرفتی گەورەی ئێمەیە، یانەکان تەنیا بۆ یاریزانانی کوڕ گرێبەست دەکەن، بە پارەیەکی خەیاڵی.

*** بۆ داهاتووی خۆت بەرنامەت چییە؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم لە وەرزشکردن بەردەوام بم بۆ پێشکەشکردنی ئاستی باشتر لە داهاتوو.

***لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی دەرەوە ببەستن؟**

-لەو باوەڕەدا نیم یانەکانی کوردستان تا پەنجا ساڵی دیکەش بتوانن ڕاهێنەرێکی بیانی بهێنن، چونکە توانای داراییان نییە،

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرس؟**

- هیوادارم لایەنی بەرپرس لە شارەکانی کوردستان گرنگی بەتواناکانی یاریزانان بدەن و خزمەتی زیاتری وەرزشوانان بکەن.

***بەهیوای ئەوە نیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ لەم یارییە؟**

-ئەوە خەونی هەموو وەرزشوانێکە بگاتە هەڵبژاردەی کوردستان.

*** جگە لەوە، خەونی وەرزشیت چییە؟**

- خەونی وەرزشیی من ئەوەیە زیاتر بایەخ بدرێت بە تیپەکانی کچان و خول بکرێتەوە لە گشت ئاستەکان، ئەوەش خەونێکی سادەیە، دەمەوێت لە داهاتوودا ببمە یاریزانێکی زۆر باشی شارەکەم تا بتوانم ئاستی کچان زۆر باشتر بکەم.

***بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

- کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە هەمیشە و بەبێ جیاوازی یاریزانان بەسەر دەکاتەوە و گرنگی بە تێکڕای بوارەکانی وەرزش دەدات.




# دواجار کۆتینهۆ چووە ئەڵمانیا

بایرن میونیخ و فلیپ کۆتینهۆ بە فەرمی گرێبەستەکەی نێوانیان مۆرکرد، یاریزانە بەرازیلییەکە لە یەکەمین لێدوانیدا جەختی لەوە کردەوە، کە هیوایەکی زۆری هەیە نازناوی گەورە لەگەڵ یانە باڤارییەکە بباتەوە.

یانەی بایرن میونیخ لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاندووە فلیپ کۆتینهۆ پشکنینە پزیشکیەکانی تێپەڕاند و گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەیان مۆرکرد.

لەلایەن خۆیەوە بەرشلۆنە بەیاننامەیەکی لە ماڵپەری فەرمی خۆی بڵاوکردەوە و ناوەڕۆکی گرێبەستە یەك ساڵیەکەی ئاشکرا کردووە، بەرشلۆنە ئاماژەی بەوە کردووە نرخی خواستنەکەی کۆتینهۆ دەگاتە هەشت ملیۆن و پێنج سەد هەزار یۆرۆ، هەروەها بایرن تەواوی مووچەی یاریزانە بەرازیلیەکە دەدات.

بارسا ئاماژەی بەوەش کردووە بایرن میونیخ دەتوانێت دوای تەواوبوونی خواستنەکە کۆتینهۆ بە ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ بکاتە یاریزانی هەمیشەیی یانەکەی.


بڕیاریشە کۆتینهۆی ٢٧ ساڵ لەگەڵ بایرن ژمارە ١٠ بپۆشێت، کە پێشتریش هەمان ژمارەی لەگەڵ لیڤەرپوول پۆشیوە.

فیلیپ کۆتینهۆ یاریزانی نوێ بایرن میونیخ لە یەکەمین لێدوانیدا گوتی: ئەم گرێبەستەم رکابەرییەکی نوێیە لەگەڵ یەکێك لە باشترین یانەی ئەورووپا، زۆر بە توندی دەست بە رکابەرییە دەکەم، هیوای زۆر و متمانەم هەیە لەگەڵ هاوڕێیان و یانە نوێیەکەم نازناوەکان دەبەینەوە.

لە لایەکی دیکەیشەوە کارل هاینز رۆمەنیگە سەرۆکی جێبەجێکاری بایرن میونیخ دەڵێت: ماوەیەکە کارمان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی کۆتینهۆ، زۆر دڵخۆشین بە تەواوبوونی ئەم گرێبەستە، سوپاس بۆ بەرپرسانی بەرشلۆنە، کە رازی بوون، کۆتینهۆ خاوەن توانایەکی زۆرە و دەتوانێت هاوکارمان بێت لە بردنەوەی نازناوەکان.



# یاریزانێک بەهۆی کەش و هەوا خولێکی ئەوروپی جێدەهێڵێت



بەشێوەیەکی سەیر و چاوەڕواننەکراودا، موسا نوح کامارا هێرشبەری سیرالیۆن دوای یەک هەفتە لە پەیوەندیکردن بە ریزەکانی یانەی تریلیبۆرگی سویدی داوای هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی دەکات.

یاریزانەکە تەمەنی ١٩ ساڵە دوای یەک هەفتە لە پەیوەندیکردن بە ریزەکانی یانە سویدییەکە داوایکردووە رێگەی بدەن لە یانەکە بڕوات.

کاتێک پرسیاریان کردووە، کە بۆچی دەیەوێت گرێبەستەکەی هەڵبوەشێنێتەوە، یاریزانەکە بە یانەکەی راگەیاندووە، پێشتر شارەزای کەشوهەوای سوید نەبووە و نەیزانیووە بەو شێوەیە ساردە، کە لەگەڵ شێوازی ژیانی خۆی ناگونجێت بۆیە دەیەوێت لە یانەکە بڕوات.

یانەی تریلیبۆرگ لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا رایگەیاندووە، یاریزانەکە بەهۆکاری تاکە کەسی دەیەوێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی.

کامارا لە وەرزی رابردووی خولی سیرالیۆن ١٥ گۆڵی بۆ یانەی ئیست ئاند لیونز تۆمارکرد و بووە گۆڵکاری خولەکە.

# دۆرتمۆند هەوڵی پاراستنی ئەستێرەیەک دەدات



یانەی بروسیا دۆرتموندی ئەڵمانی بڕیاریداوە هەموو کارێک بکات، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە جادۆن سانچۆ ئەستێرەی گەنجی یانەکەی بکات.

رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی رایگەیاندووە دۆرتموند بڕیاریداوە پاداشتی زیاد لەگەڵ مووچەی یاریزانەکە بداتە سانچۆ، بەبێ ئەوەی یاریزانەکە مۆر لەسەر گرێبەستی نوێ بکاتەوە.

سانچۆ تەمەنی ١٩ ساڵە گرێبەستەکەی لەگەڵ بروسیا دۆرتمۆند تاوەکو هاوینی ٢٠٢٢ بەردەوامدەبێت، مووچەکەشی هەفتانە دەگاتە ٤٠ هەزار پاوەند.

بەرپرسانی یانە ئەڵمانییەکە بەبێ ئەوەی گرێبەستی یاریزانەکە نوێبکەنەوە، بڕیاریانداوە ٨٠ هەزار پاوەند بۆ مووچەی یاریزانەکە زیادبکەن.

ئەم بڕیارەی یانە ئەڵمانییەکە دوای ئەوەدێت، کە یاریزانەکە لە وەرزی رابردوو و لەسەرەتای ئەم وەرزەشەوە ئاستێکی بەرز لەگەڵ یانەکە پێشکەش دەکات.

بەپێی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان، یانەی مانچستەر یۆنایتد دەیەوێت لە گواستنەوەی هاوینی داهاتوودا سانچۆ بباتە ریزەکانی، بەڵام دۆرتموند نایەوێت دەستبەرداری یاریزانەکە ببێت.

# هەولێر متمانەی بە دەستەی ڕاهێنەران بەخشییەوە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر کە وەرزی رابردوو توانی لە نێو یانە رکابەرەکانی خولی نایابی عێراقی جارێکی دیکە خۆی لە نێو یانە بەهێزەکاندا بهێڵێتەوە، بۆ وەرزی داهاتوو ستافی راهێنەرانی یانەکە کە پێکهاتووە لە هەریەك لە (ئەکرەم سەلمان وەکو راهێنەر، حەیدەر مەحموود و دکتۆر تەها قادر وەکو یاریدەدەر و کاوە ئیبراهیم وەکو راهێنەری گۆڵپارێز) کە دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر جارێکی دیکە متمانەی بەخشییەوە بەم دەستەیە، بۆ ئەوەی بتوانن لە خولی نایابی یانەکانی عێراق، هەولێر بکەن بە یەکێك لە یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی عێراقی، لەم بارەشەوە سەرچاوەیەك لە کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر رایگەیاند کە گرێبەستی راهێنەرانی وەرزی رابردوویان نوێ کردۆتەوە، بۆ ئەوەی بەم ستافە راهێنەرەوە بتوانن ئەنجامی باشتر لە وەرزی رابردوو بەدەست بهێنن، ئامادەکارییەکانیش بۆئەو مەبەستە دەستی پێ کردووە، ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: «یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانان کردووە و چاوی لەوەیە چەند یاریزانێکی پیشەگەریش بهێنێ، جگە لە پۆلێك لە یاریزانە کوردەکانی خۆمان کە هەموویان ئەستێرەن و چاومان لەوەیە بتوانین ئەنجامێکی باش لە وەرزی نوێ خولەکە بەدەست بهێنین، ئەوەی پێشمان بکرێ بۆ یانەی هەولێر ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی یانەکە ببێتە یەکێك لە یانە رکابەرەکانی سەر ئاستی خولی نایابی عێراق.»



# کەرکووک پاڵەوانێتیی هێزی لەشی کوردستان لە باوەش دەگرێ



یەکێتی ناوەندیی هێزی لەشی کوردستان بەمەبەستی گرینگیدانی زیاتر بە یارییەکانی هێزی لەش و خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە، لە شارەکانی کوردستان وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی بڕیاری داوە پاڵەوانێتی هێزی لەشی یانەکانی کوردستان لە مانگی داهاتوو لە شاری کەرکووك ئەنجام بدات، لە یاریی هێزی لەش هەریەك لە یارییەکانی (دبنی، پێنج پرێس، دیت لیفت) بۆ هەردوو ئاستی تازەپێگەیشتووان و لاوان بەڕێوە دەچن، بڕیاریشە ئەم پاڵەوانێتییە ماوەی دوو ڕۆژ بەردەوام بێت، لەم بارەشەوە فەتحی عەباس سەرۆکی هێزی لەشی کوردستان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان بە ئامانجی خزمەتکردنی زیاتری ئەم یارییە و وەرزشکارانی کوردستان، هەڵدەستین بە ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانێتییە لە شاری کەرکووك لە بەرواری ١٢ و١٣ی مانگی نۆی ئەمساڵ، بۆ سێ یاری لە یارییەکانی هێزی لەش، ئەویش (دبنی، پێنج پرێس، دیت لیفت) لە ئاستی تازەپێگەیشتووان ئاستی تەمەن ٢٠٠٢تا ٢٠٠٥دەگرێتەوە، بۆ لاوانیش لە تەمەنی لەدایکبووانی ساڵی ١٩٩٦ تا٢٠٠١دەگرێتەوە، کێشەکانی بەرزکردنەوەش لە نێوان ٥کگم تاکو ١٧٠کگم دەبێت، لەم پاڵەوانێتییەشدا یاسای نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکرێت»، گوتیشی: «بۆ هەر یانەیەك دەبێت لە نێوان سێ بۆ پێنج یاریزانی هەبێت، تاکو بەشداری لەم پاڵەوانێتییەدا بکات، پێشبینیی ئەوەش دەکەین، ژمارەیەکی زۆر لە یانەکانی کوردستان بەشداریی ئەم پاڵەوانێتییە بکەن. ئامادەکاری پێویستمان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم پاڵەوانێتییە لە شاری کەرکووك بەڕێوەببەین.»



# چەندین یانەی عێراق و کوردستان داوای خەسرۆ هەرکی دەکەن

لە ئێستادا یانەکانی بەشدار لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی کەوتوونەتە خۆیان، تا بۆ دەستپێکی ئامادەکارییەکانیان بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی عێراقی، یاریزانە ئەستێرەکان لە تیپەکانیان کۆبکەنەوە، یاریزانە کوردەکانیش بوونەتە جێگای خواستی یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق، بۆ ئەوەی بەم یاریزانە کوردانەوە بەشداری لە خولە گەورەکەی عێراقدا بکەن، خەسرۆ هەرکی یاریزانی کورد لە قەزای ئاکرێ سەر بە پارێزگای دهۆك، وەرزی رابردوو لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە ریزی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بۆیە یانەی کەرخی شاری بەغدا هەر زوو ئەو یاریزانە کوردەی وەرزی رابردووی خۆی هێنایەوە ریزی یانەکەی، لەم بارەشەوە خەسرۆ هەرکی یاریزانی یانەی کەرخ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەرزی رابردوو توانیمان لە خولی نایابی کوردستان ئاستێکی باش پێشکەش بکەین، ئەم وەرزەش پەیوەندیم بە یانەی کەرخ-ەوە کرد، کە یانەی پێشووی خۆم بوو، هەرچەندە یانەکانی جەوییە و زەورا لە شاری بەغدا لە سەر هێل بوون بۆ ئەوەی من بە فەرمی یاری بۆ ئەوان بکەم، بەڵام یانەی کەرخ ڕێگەی پێ نەدام و دەستبەردارم نەبوون، بۆیە بۆ ماوەی یەك وەرز پەیوەندیم بە یانەی کەرخەوە کردەوە»، لە بارەی پەیوەندیکردنی یانەکانی کوردستانیش بۆ خولی عێراق، خەسرۆ گوتی: «هەریەك لە یانەکانی پێشمەرگەی هەولێر و پێشمەرگەی سلێمانی و دهۆك و ئارارات و هەندرێن داوایان لێکردم بۆ مۆرکردنی گرێبەست، بەڵام من پەیوەستم بەو گرێبەستەی کە لەگەڵ یانەی کەرخ هەمبووە، دەمەوێ ئەمساڵیش لە خولی عێراقی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم و وەکو یاریزانێکی کورد بتوانم خۆم بگەیەنمە ئاستێکی بەرز، یاریکردنیش لە خولی عێراق لە ناو ئەم هەموو ئەستێرەیە گرنگیی خۆی هەیە، ئەوەی لە توانامدا بێت، لەگەڵ یانەی کەرخ پێشکەشی دەکەم، تا بتوانم ئەم وەرزە لەگەڵ ئەو یانەیە بە سەرکەوتوویی ببرم.»